زانیاری

# ئەسپرین

# ASPRIN

دکتۆر عادل حسين عبدالله

ئەسپرین بەدەرمانێکی گرنگ دائەنرێ وە لەکۆنەوە کە زانستەکان دۆزیانەوە هەر لەو کاتەوە بەکارهێنراوە لەپزیشکی دا .

ئەسپرین ماددەیەکی کیمیایی ئۆرگانی‌یە Organic وەپێکهاتنە کیمیایی‌یەکەی زۆر سادەیە کە بریتی‌یە لە ترشی ئەسیتایل سالیسیلیك Acetyl Salicylic acid وەبەشێوەی حەب‌و دەرزی سازکراوە .

**ڕێرەوی ئەسپرین لە لەش‌دا :**

ئەسپرین لەگەدەدا بەخێرایی ئەمژرێ‌و هەروەها لە ڕیخۆڵە باریکەدا ، پاشان بەشێوەیەکی نەگۆڕاوە ئەگاتە ناو خوێن‌و پاشان بۆ هەموو بەشەکانی لەش ، وەنزیکە ٨٠٪ی ئەسپرینی مژراو لە ناوخوێن‌دا لەگەڵ پلازمای خوێن یەك‌دەگرێت پاشان ئەچێتە ناو خانەکانی لەش ترشی سالیسیلیك Salicylic acid ، پاشان بەشێوی گۆڕاویان نەگۆڕاو لە میزدا دەرئەدرێتە دەرەوەی لەش .

(پێکهاتنی کیمیایی ئەسپرین)




**بەکارهێنانی ئەسپرین لەپزیشکی‌دا :**

ئەسپرین زۆر بەکارهێنانی پزیشکی هەیە لەمانە :—

١ — بۆ ئێش لابردن : وەکو سەرئێشە . ئێشی جومگەکان . پشت ئێشە . ئێشی ماسولکەکان .

٢ — بۆ نزم‌کردنەوەی پلەی گەرمی لەش : ئەسپرین تەنها لەکاتی بوونی تا Fever پلەی گەرمی لەش نزم ئەکاتەوە واتە پلەی گەرمی ئاسایی لەش کە بریتی‌یە لە ٣٧پلە بەبەکارهێنانی ئەسپرین هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە ئەسپرین بەکارئەهێنرێ لە هەرنەخۆشی‌یەك کە پلەی گەرمی لەش بەرز بۆتەوە .

٣ — دژی ڕۆماتیزم : لەبەرئەوەی ئەسپرین دژی هەوکردنی نابەکتیری Inflammation کاردەکات ، بۆیە بەکارئەهێنرێ لە نەخۆشی تای ڕۆماتیزمی Rheumatic fever کە ئاوسانی جومگەکان کەم‌دەکاتەوە وەهەروەها ئێشی جومگەو ماسولکەکان لادەبات .

٤ — نزم‌کردنەوەی ڕێژەی ترشی‌یۆریك Uric acid لە خوێن‌داو بە زیادکردنی دەردانی ئەم ترشە لە میز بۆیە هەندێ‌جار لەنەخۆشی‌بەگەکان (داء الملوك) Gout بەکارئەهێنرێ .

ئایا ئەسپرین کار ئەکاتە سەر کۆئەندامەکانی تری لەش ؟

بەڵێ ئەسپرین کارئەکاتە سەر زۆربەی کۆئەندامەکانی لەش وەکوو ، کۆئەندامی هەرس ، خوێن وەکۆئەندامی هەناسە

لەمانەش :—

**کۆئەندامی هەرس :**

زووراندنەوەی گەدە وەهەندێ جار بریندارکردنی دیواری ژوورەوەی گەدە بەدی ئەکرێت لەگەلّ خوێن بەربووندا .

**خوێن :**

ئەسپرین بە تایبەتی کارئەکاتە سەر خوێن Platelets وەلەیەکیان جیائەکاتەوەو ئەبێتەهۆی درێژکردنی کاتی خوێن بەربوون Bleeding rimeواتە تاخیربوونی مەیینی خوێن .

**کۆئەندامی هەناسە :** ئەسپرین بەتایبەتی ئەگەر بەبڕێکی زۆر بەکارهێنرا ئەبێتە هۆی زیادبوونی نەفەس وەرگرتن Hyperpnea .

**میتاپۆلیزم :** ئەسپرین کارئەکاتە سەر گلاندی ثایرۆید Thyroidوە بەمەوە کار ئەکاتە سەر میتاپۆلیزمی کاربۆهیداتەکان ، وەهەروەها کەمێ گۆڕانیش لە هاوسەنگی شلەی لەش دا ڕووئەدات . وەهەروەها ئەبێتە هۆی زیادکردنی سەرف کردنی گەرمایی لەش بەمەش پلەی گەرمی لەش دێتە خوارەوە ، وەهەروەها ئەسپرین ئەبێتە هۆی زیادکردنی سەرف کردنی ئۆکسجین لەلەش دا وەهێنانە خوارەوەی ڕێژەی شەکری خوێن لەنەخۆشەکانی شەکر . وەهەروەها کەم کردنەوەی گلایکۆجینی لەش کە بریتی یە لە کاربۆهیدراتی خەزن کراو لەلەش دا بەتایبەتی لەجگەردا .

**ژاراوی بوون بەئەسپرین Asprin Poisoning**

هەر چەندە ئەسپرین مادەیەکی سادەیە بۆلەش بەلاّم لەهەندێ جاردا ئەبێتە هۆی مردن ئەگەر بەبڕێکی زۆر بەکارهێنرا وەهەندێ جاریش ئەبێتە هۆی پەیدا کردنی حەساسیەت Allergy کەئەبێتە هۆی تەنگ نەفەسی و خورانی پێست Urticaria .



**نیشانەکانی ژاراوی‌بوون بەئەسپرین :**

گێژبوون (سەرسووڕان)و سەر ئێشان‌وە تێك چوونی مێشك Mental Upset لە نیشانەکانی هەرە زوون پاش ژاراوی بوون بە ئەسپرین ، پاشان کە ژاراوی بوونەکە زیاتربوو زیادبوون‌و خێرایی بوونی نەفەس لەگەلّ سك ئێشەو ڕشانەوە بەدی ئەکرێ ، وەهەروەها خوێنێکی کەم لە ژێر پێست‌دا بەر ئەبێ ، وەئەبێتە هۆی مردن ئەگەر نزیکەی ۲۰گرام بەکارهێنرا .

**چارەسەرکردنی ژاراوی بوون بەئەسپرین :**

پێش هەموو شتێك ئەبێ نەخۆش بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە وەیا نزیکترین مەلّبەندی پزیشکی ، وەیەکەمین هەنگاو بریتی یە لە شوشتنی گەدە ئەگەر هاتوو کەمتر لەچوار سعات تێ‌پەڕبووبوو لەسەر بەکارهێنانی ئەسپرین ، پاشان ڕاست کردنەوەی هاوسەنگی شلەی لەش ئەنجام ئەدرێ وەهەروەها پاك کردنەوەی خوێن لەماددەی ئەسپرین بەڕێگەی گورچیلەی دەست‌کرد Haemodialysis ئەنجام ئەدرێ .